# بیرەوەریی ڕۆژانی حەماسە و فیداکاریی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کەریم فەیزیان

**بەشی سێهەم:**

خوێنەرانی خۆشەویست، هاوڕێ و دڵسۆزانی ڕۆژانی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی، ئەویندارانی بزافی ڕەوای کوردستان!

لەبەشی یەکەم و دووەمدا باسی ئەو حەماسە و قارەمانەتیانەم بۆ کردن کە هێزی پۆڵایینی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەناو مقولایی ی ناوچە میلیتاریزە کراوەکانی کوردستان دا سەرەڕای دەیان کێشە و گرفت و بێدەرەتانی، بەڕێیانەوە بردن. ئێستاش فەرموون لەگەڵ بەشی دووهەمی باسەکەمان. دوای ئەوەی هێزی پۆڵایینی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ئەو زەربە قوورسەیان لە بەکرێگیراوانی ڕژیم لەسەر جادەی بانە ـ سەردەشت لەنێوان گووندەکانی قۆخان و سەیدسارم و کانی سوور وەشاند و بێزیان کشابوونەوە بۆ چیاکانی پشتی میراوا و سەرقووڵ، دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە وچانێکیان دا و حەسانەوە، لەئێوارە درەنگانێکدا بە عادەتی خۆمان، داگەڕاینە خوار بۆ ناو ئاوایییەکانی شەڕگەو میراوێ خواروو. دوو ڕۆژان لەو ناوەدا ماینەوە. ئەو ڕۆژە بووینە دوودەستە، دەستەیێکمان لە مێراوای سەروو و دەستەیێکی دیکەشمان لە سەرقووڵ بووین. لەشاری بانەوە خەبەرمان پێگەییشت کە ڕژیم هێزێکی زۆری تێکەڵاو لە جاشی خۆفرۆش و بەسیج و پاسداری کۆ کردووەتەوە و لە پادگانی سوپا لە شەهرەکی تەوحید لە دەشتی خوار شاری بانە سەرجادەی سەردەشت مۆڵی داون و هێندێکیشی هێناوەتە گوندی شوێی نزیک سەرقووڵ کە ئەم بەشەیامان لەژێر چاوەدێری دابووین. ئەو جم و جۆڵەی ڕژیم و هێنانی هێزێکی زۆری تر لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ ئەوە بە خەیاڵی خۆیان تۆڵە بکەنەوە. زۆریش بە بوونی هێزی پێشمەرگەلە ناوچەکەدا قەڵس بوون. کاربەدەستانی ڕژیمی ئاخوندی ئێران پڕوپاگەندەی ئەوەیان بۆ هێزە بێباوەڕەکانی خۆیان کردبوو کە پێشمەرگە نەماوە هەموویان ڕاونراون بۆ ئەودیوی سنوورەکە. بۆ ئەوەی بەڵکوو بتوانن وورە و تینێک بێننەوە نێو هێزە بەزیوەکانیان، پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوا بێ، هەستمان پێکرد کە زیاتر لە بیست ماشێن پڕ لە جاش و پاسدار بەرەو هەژدەدۆڵان و زەرواو کەوتوونە ڕێ کە بەخەیاڵی خۆیان غافڵگیرمان بکەن. ئێمەش کە لە شەڕی پارتیزانی دا قاڵ ببوین و لەدرێژەی خەباتی چەندساڵەماندا ئەزموونی زۆرمان کۆ کردبووەوە، هێرشی دژمن و هێرش بردنە سەر دژمن باش شارەزا بووین. بۆیە ئەمجارەیان بڕیارماندا شەڕی ڕەوانی لەگەڵ بەکرێگیراوانی ڕژیم بکەین. هەربۆیە بێ ئەوەی هیچ بلەزێین و خۆمان هیلاک بکەین، تا درەنگانێکی شەو لەو دوو گووندە ماینەوە، لەدوایی لەبری ئەوەی بەرزایییەکانی پشت ئەم ئاوایییانە بگرین، بە بەرئاوایی ی سەرقووڵدا هاتینە خوار بۆ سەرچۆمی شوێ. لەسەر چۆمەکە کەمێک حەساینەوە. لەو حەسانەوەدا براییێکی پێشمەرگە کە هیلاک ببوو، خەوی لێدەکەوێ و هەر لەوێ بەجێدەمێنێ. دوای ماوەیێک کە خەبەری دەبێتەوە، کەسی لەدەور نەماوە. ئەو پێشمەرگە قارەمانە بێ ئەوەی نیگەران بێ، لەوێ کە بۆچی بەجێیان هێشتووە، خۆی بە تەنیا ڕێگای کوێستانەکانی پشتی ساوان و سەدبار ئەگرێتەبەر، لەو کوێستانانە تووشی براپێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دەبێ و ماوەیێکی زۆر لەگەڵ ئەوان بوو تا پشتی دەوسێنە کە یەکمان گرتەوە. بەڵێ دوای ئەوەی کە ئەو پێشمەرگەمان بەجێ هێشت لە نزیک گوندی کەوپێچەوە لەجادەی بانە ـ سەردەشت پەڕینەوە و هەر لەبەر جادەکەوە لە بەینی کەوپێچی سەروو و گوندی سوێروێ لەنێو نزارێکی پڕدا بووینە سێ دەستە، دەستەیێکیشمان وەك چاوەدێر ناردە سەر بەندەنەکە کە پایگایێکی کۆنی ڕژیمی لێ بوو کە ئەیڕوانی بەسەر هەموو ناوچەکەدا. لەو شوێنە دوور و نزیك لە یەك دامەزراین ات ڕۆژ بۆوە. لەوێوە کە ڕوانیمانە بەندەنەکانی پشتی سەرقووڵ و میراوا تا دەگاتە بەندەنەکانی پشتی نژۆ، هێزی دژمن هەموویان گرتووە و لە چەند شوێن ئاوریان کردبۆوە، لە سەعات ١٠ی بەیانی دا کێومالیان دەست پێکرد و بەندەنە و بەندەن دەگەڕان، تەقەیێکی زۆریان کرد بێ ئەوەی هیچ پێشمەرگەیێك لەو ناوە بێ. هەر ئەو ڕۆژە سێ پێشمەرگەمان خۆیان تەسلیمی ڕژیم کردبۆوە، لەبەر ئەوەی توانا و تاقەت و ورەی جەولەیێکی وا کە هەمیشە بە شەو یان بەڕۆژ دەبوایە لانی کەم حەوت هەشت سەعات بگرە زیاتریش ڕێگامان ببڕیایە، زۆر جێگۆڕکێ بکەین بۆ ئەوەی بەکرێگیراوانی ڕژیم نەتوانن زەفەرمان پێ بێنن و بتوانین هێزەکەمان بپارێزین، زۆر زەحمەت بوو ئەوانەی لەو جەوڵەی دا بەشدار بوون و ئێستا لە ژیان دا ماون، ئەزانن کە ئەو هێزە لە پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات چەندە خۆڕاگر و لەخۆبووردوو بوون.!

لە ڕاستیدا ئەو بەسەرهاتە هەر بە گێڕانە و گوێلێگرتن و خوێندنەوە ئاسانە. ئەو فیداکارییەی لە ماوەی ئەو گەڕان هەڵسوڕانانەدا لەو هەل و مەرجە حەساس حەستەمەدا کراوە، زۆر کەموێنەیە. بەڵێ، کە ئەو سێ پێشمەرگە چووبوونەوە بێ دەنگ نە کەسیان هینایە سەرمان و نە هیچ گرفتێکیان بۆ ساز کردین. من لێرەوە بەش بەحاڵی خۆم زۆر سپاسیان دەکەم. بۆ ئەو هەستە پاکەیان. هەرچەند ئەوان بەجێیان هێشتبووین، بەڵام نە چەك و چۆڵ و نە هیچ کەل و پەلێکی شۆڕشیان نەفەوتاندبوو. هەر لەوێ لە نزیك ڕەفیقە پێشمەرگەکانی خۆیانەوە بەجێیان هێشتبوون و چووبوونەوە بۆ شاری بانە. هەرچەند ئەوکاتە کە ئەم سێ پێشمەرگە ڕۆیشتبوون، ڕۆژ زۆری بەدەمەوە مابوو. چون ئێمە بە سێ دەستەوە دوور لە یەك دامەزرابووین و لە نزارێکی زۆر پڕ بوو، کاتێك زانیمان کە ڕۆژ ئەوەندەی بە بەرەوە نەمابوو. ئەگەر خەیاڵی خەیانەتیان هەبوایە، ڕەنگە ئێمە تووشی کارەساتێکی ناخۆش بهاتینایە. دوای ئەوەی زانیمان ئەو سێ پێشمەرگە ڕۆیشتبوون، هەرچەند کە هاتینە ئەو ناوچە، چاودێرمان لە بەرزایییەکان دانابوو. دوایی بە مەبەستی زەربەلێدانێك لەو هێزەی بەکرێگیراوان لەکاتی گەڕانەوەیاندا دوو دەستە پێشمەرگە خۆیان سازدا و بەرەو کەمینەکانی سەر جادەی بانە ـ سەردەشت لە جادەکە نزیك بوونەوە. کەمینەکان هەستیان بە پێشمەرگەکان کرد. شوێنەکانیان بەجێ هێشت و بەرەو مۆڵگەکانیان کەوتنە ڕێ. پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە سەر جادەکە، بەڵام بەداخەوە نیروەکە بە ڕێگای شوێدا بەسەرشۆڕی بەرەو بانە ڕۆیشتنەوە. پێشمەرگەکان کە لەسەر جادە بوون، چەند ماشێنیکیان پشکنی و چەند کەسێك گومانلێکراو دەگرن کە لەبەر داوای شۆفیری ماشینەکان و باقی موسافیرەکان دوای قسە بۆکردن هەر لەوێ بەریان ددەن. دوای ئەم بازدیدە شوێنەکەمان بەجێهێشت و بەرەو گووندەکانی سێچان و بەردەرەش کەوتینە ڕێ و لێرەدا ببوونە دوو دەستە، بەسەر ئەم دوو ئاوایییەدا دابەش بووین. دوای حەسانەوە نان و چایی خواردن و قسەو باسێکی زۆر لە لایەن برایانی تەشکیلاتەوە بۆ جەماوەری ئەو دوو گووندە کە ببوە جێی خۆشحاڵیی دانیشتوان، لەبەربەیانیی ڕۆژی دوایيدا ئەم گووندانەشمان جێ هێشت و چووینە قۆخەکانی نێوان بەردەڕەش و چۆمی چاویان، شەو و ڕۆژێك لەو ناوەشدا ماینەوە. لێرەش توانیمان بەشێکی بەرچاو لە هەستەی تەشکیلاتی ناوشار ببینین و کار و ئەرکی سازمانیان پێبسپێرین. دوای ئەو چاوپێکەوتن و دیدارتازەکردنەوە، بەرەو گووندی شیوەڵێ ڕێ کەوتین. پێش ئەوەی بگەینە شیوەڵە لە باسکێك کە لکابۆوە بەکێوی گردەگوێڵەوە، ماینەوە و چاودێرمان ناردە سەر گردەگوێڵ. گردەگوێڵ کێوێکی بەرزە و لە هەمانکاتدا پان و بەرینە و جێگەی باشی هەبوو بۆ بەرگری. خۆمان لەو مەڵبەندە شارەزا بووین کە چەند شوێنێکی باشە بۆ مانەوە. لەوێش ماینەوە تا سەعات ٣ی دوانیوەڕۆ. هەرچەند لەوێش پێشمەرگەیێك کە دوو ساڵ پێش ئەو جەولەیە لە شەڕێکدا لەگەڵ بەکرێگیراوانی ڕژێمدا لە پشتی سیوچی ناوچەی بانە لەلایەن پێشمەرگە قارەمانەکانی سازمانی خەباتەوە لەگەڵ چەند جاشی خۆفرۆشی تر بە دیل دەیگرن. ئەو پێشمەرگە لەبەر ئەوەی ڕژیم بە زۆر چەکداری کردبوو، لەلایەن بەشی قەزایی ی سازمانەوە لێی خۆش ببوون. ئەو کەسە بە ویستی خۆی ببوو بە پێشمەرگە. لەو شوێنەدا چەکێکی بەجێهێشتبوو و چووبوو لە ئارمردە خۆی تەسلیمی ڕژیم کردبوو. دوای ئەو پێشمەرگە ئەوەندەی پێنەچوو کە چاودێرەکانی سەر گردەگوێڵ ئاگاداریان کردینەوە لە جموجۆڵی بەکرێگیراوانی ڕژیم کە هاتبوونە گووندی ئەتابەگ و یاڵەکانی دەوروپشتی. ئەو گووند و کۆخانەی باسیان دەکەم هەمووی کەوتووەتە ناوچەی بانە و سەر بە بانەن. دوایی لەسەرخۆ داگەڕاین بۆ گووندی شیوەڵە. شیوەڵە کۆنەهەواری خۆمانە و لەگەڵ خەڵکی ئەو گووندانە وەك خێزانی ماڵێکمان لێهاتبوو. دوای بەخێرهاتن و قسەوباسێکی زۆر، وچان و پشووییێکی باشماندا.

لەوێش خەبەرمان پێگەییشت کە ڕژیم هێزێکی زۆری هێناوەتە ئارمردە. بەڕاستی لەوێش نەمانتوانی تێر بەدڵی خۆمان لەگەڵ ئەو خەڵکە شۆڕشگێر بەوەفایەدا دانیشین. تا درەنگانێکی شەو ماینەوە، دوایی لەنێوان دوو ئاوایی تاژان و تاژەبانەوە کە دەمانویست بەرەوناوچەی ئارمردە بڕۆین، ڕێکەوتین زۆر بە زەحمەت توانیمان بە ڕێگایێکدا کە بە نزیك مۆڵگەیێکی داگیرکەراندا تێدەپەڕی، خۆمان بگەیێنینە سەر جادەی تاژان بۆ تاژەبان. زۆر زەحمەت بوو، سەرباری چەك و چۆڵ و کۆڵەپشتی و فیشەکی زیادی کە بە کۆڵ خۆمانەوە بوو، چەند وەلاخیشمان پێ بوو بۆ گوازتنەوەی چەکی قورس و هێندێك کەل و پەلی زیادە، جا وەرە بە شەوی تاریك بەو هەموو کێو و دۆڵوشاخەدا ئەمکانەشت بیێتە سەربار.

دوای ماوەیێك ڕێپێوان گەییشتینە سەر جادەی تاژان تاژەبان و بە تەختی جادەکەدا ڕێکەوتین بەرەو تاژان، زۆر نەڕۆیشتبووین هەستمان پێکرد کە لەلای تاژانەوە بەرەو لای ئێمە دێن، ئێمەش هەر لە قەراغ جادەکەدا سەنگەرمان لێگرتن و مەجبوور دەنگمان دان لەبەر ئەوەی نەك پێشمەرگەی لایەنێکی تر بن. هەر لەگەڵ دەنگدانی ئێمە هێزی بەزیوی دژمن شڵەژا و بێ ئەوەی بزانن گوولله بە کوێوە دەنێن. شێرەکورانی سازمانی خەبات، تۆڵەئەستێنەرانی ڕێگای کاکە برایم تاژانی و کاك عەبدوڵلا هەمزە، لێیان دەست هاتن و بە ناو گوندی تاژاندا تا پشتی ئاوایی هەڵیان برین، کە دواتر خەبەرمان پێگەیی چەند جاشێك بریندار ببوون و زۆر بە شپرزەیی خۆیان دەرباز کردبوو. ئێمەش درێژەمان بە جەولەی خۆمان دا و بەپەنا کۆخی شێخ عەلی دا بەرەو میرەسوو، لەوێشەوە بە بەر ئارمردەدا چووین بۆ جادەی ئارمردە و پەریمانێ. لەپەنا جادەکە لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە زۆر ماندوو ببوون، لەو شوێنە خۆمان لێ بەعەرزیدادا تا سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی بۆی خەوتین. زەوی ڕاخەر و ئاسمانیش پێخەفمان بوو. لە سەعات ٢دا کە چاودێرەکانمان دەگۆڕی، ماشێنێك بەرەو پەریمانێ هات و پێشمەرگەکان ڕایانگرت، کە خۆمان پێناساندن باوەڕیان پێ نەدەکردین، لەبەر ئەوەی هەر کەمێك پێشتر پۆلێك چەکدار ڕایانگرتبوون و خۆیان بە پێشمەرگەی سازمانی خەبات ناساندبوو. دوایی موسافیرەکان ناسیبوویانن کە ئەوانە خەباتی نین و جاشن. ئەوەندەی پێنەچوو کە لەلای ئارمردەوە هێرشیان هێنا. سەعات نزیکی ٤ی دوانیوەڕۆ بوو کە تەقە لە هەردوولاوە دەستی پێکرد. شەڕەکە زۆر توند نەبوو، جاشەکان نەیاندەوێرا بێنە پێش، ئێمە زۆر ماندوو بووین و کەیفمان لە شەڕ نەبوو. وەك لە پێشێشدا باسم کرد تا بۆمان کرابا بمانتوانیبا خۆمان لە قەرەی سشەڕ نەدەدا، بەڵام کە شەڕ درگای گرتی، چی ناکرێ دەبێ بیکەی. لەئێوارەدا دژمن نیروویەکی زۆری لە بانەوە وەك هێزی پشتیوان بۆ هات. بە پاڵپشتی تۆپی سەدوشەش و کالیبرپەنجا، هێرشێکی دیکەیان هێنا. کە ئەمجارەیان لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی توندی ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدان، کاکە لەتیف میرە وسویی و کاك محمود ئارمردەیی، ڕووبەڕووبوونەوە و تار و ماریان کردن و تا نزیك ئارمردە ڕاوانران و هێندەك چەك و چۆڵیان پێ بەجێهێشتن. دوایی کە زانیان لە بەرامبەر هەڵمەتی هەڵۆکانی چیای باوەڕ، ڕۆڵەکانی سازمالنی خەبات دا خۆیان پێڕاناگیرێ، هەموو گوند و دەر و دەشتی ناوچەکەیان کوێرکوێرانە دایە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و خۆمپارە، کە بە خۆشیەوە هیچ زەرەر و زیانێکی گیانی بەر پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە نەگەییشت. دوای ئەم عەمەلیاتە سەرکەوتوانەیە، بەرەو گووندەکانی سماقان و سیسارك و لەوێشەوە لەوێشەوە هەڵگەڕاین بۆ کانی مامر و شاوەران لە نزیك قەڵای خەبات، کۆنەهەوارگە و مەکۆی دامەزراندنی سازمان. کە ئەم قەڵایە جێگە و پێگەی ڕاهێنان و بارهێنانی زۆرێك لە پێشمەرگەکان بوو، بڕیارماندا چەند ڕۆژێك اەو ناوەدا بمێنینەوە، زۆربەمان بیرەوەریی زۆرمان لەو مەڵبەندەدا هەبوو، ویستمان بۆ جارێکی دیکە یادیان بکەینەوە و لەگەڵ جەماوەری ئەو ناوچەیە کە بەڕاستی سازمانی خەباتیان خۆش دەویست و بەدرێژایی چەندین ساڵ بەدڵوگیان و بەسەروماڵ خزمەتی سازمانی خەباتیان کرد. بەڵام بەداخەوە لە سەعات ١٠ی شەودا لە لایەن برایانی پێشمەرگەوە ئاگادار کراینەوە کە هێزێکی زۆری ڕژیم لەلای ئارمردەوە بە ڕێگای مازووبەندا بەرەو بلەکی و بانوان بەڕێوەن. ئەم مەڵبەندە بناری سوورکێوە و سوورکێویش زنجیرە چیایێکی دوور و درێژە و ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و هەموو سەری سوورکێو مۆڵگەی بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئێرانی لێ بوو. بەودیوی باشووری کوردستانیشدا کە ناوچەی شیوەکەڵ بوو، عەسکەری عێراقیی لێ بوو. بەینی ئەو دوو داگیرکەرەش بە مەیدانی مین چێندرابوو و مەگەر باڵندە بەو شوێنەدا تێپەڕیبایە.

***

## ڕاگەیێندراوی کومیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران به بۆنەی ٨ مارس، ڕۆژی جیهانی ژن

بە هۆی بوونی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و دژە مرۆڤی ئاخوندی، ژنان لە ئێران لە ژێر شکەنجە و ئازاری تاقەت پروکێندان و لەلایەن ناوەندەکانی حکومەتەوە دەکەونە بەر هێرش و بێ حورمەتی.

ئاخوندەکان بە بڕیار و گەڵاڵە سەرکوتگەریەکانیان لە بەرانبەر ژنان، بوونە هۆی دواکەوتوویی زیاتر و بەشداری نەکردنی ئافرەتان لە کاروباری بەڕێوەبەری و دەسەڵاتدا. سی ساڵ چەوسانەوە و زۆر هێنانی لە ڕادەبەدەر لە دژی ژنان لەلایەن دەسەڵاتەوە هەل و مەرجێکی ئەوتۆی پێك هێناوە کە ژنان نەتوانن بێنە مەیدانی کار و هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنیا ژمارەیێکی کەم لە ئافرەتانی ئێرانی دەتوانن قسە لە مافی بەرانبەر و کۆتایی هاتن بە سەرکوت و چەوسانەوە و بێعداڵەتی بکەن، کە ئەوانیش لەلایەن ناوەندە ئەمنیەنیەکانەوە سەرکوت و شکەنجە و زیندانی دەکرێن. لە ڕۆژانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندانەوە تا ئەمرۆ کە حکومەتی ئەحمەدی نژادە لە سەر کارە، ژنان و تێکڕای چینەکانی کۆمەڵگای ئێرانی و کوردستانی لەگەڵ هەڕەشەی مەرگ و زیندان بەرەوڕوون. شەلاق لێدان لە شوێنە گشتیەکان، دەرکردنی حوکمی غەیرە ئینسانی و غەیرە ئیسلامی لە دادگا، دەست بەسەر کران لە ماڵەوە، جەریمەکردن و ڕێگەنەدان بۆ سەفەر کردنی ژنانی هەڵسووڕ و ئازادیخواز بۆ دەرەوەی وەڵات و دەیان شێوە و نەوعی سەرکوت و ستەمی دەسەڵاتی ئاخوندی.

دیارە ئەگەر دەسەڵاتی ئاخوندی بە تەواوی توانای تێ دەکۆشێ ڕێ بگرێ بکا لە هاتنە مەیدانی ژنان و بەشداریان لە ئیعترازات و مانگرتن و تەزاهووراتەکان، بە خۆشیەوە ژنانی ئازادیخواز و بە شەهامەت لە کوردستان و ئێران، سەرەڕای تەواوی سەختی و کەند و کۆسپەکان لە خەباتی ووشیارانە و ڕەوا لە بەرانبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دژی مرۆڤایەتی هەڵسووڕاون، کە بە چالاکی و هەڵسووڕانە هەمە لایەنەکانیان توانیویانە، بوونی خۆیان و داوا ڕەواکانیان نیشان بدەن و ببنە هۆی ترسی دەسەڵاتدارانی ڕژیم و ناوەندەکانی سەرکوتگەر.

بێ گومان سەرکوت و ستەم لەلایەن دەسەڵاتی ئاخوندی تەنیا لە بەرانبەر ژناندا بەڕێوە ناچێ، بەڵکوو بە داخەوە ژمارەیێك لە خانەوادەکان و پیاوان بە بۆچوون و بەراوردی هەڵە و دواکەوتووانە، دەبنە هۆی ئازاردانی جەستەیی و دەرونی ژنانی کوردستان بەتایبەت و ژنان لە ئێران بە تێکڕا.

جێگەی خۆیەتی کە هەڵسووڕاوانی ئازادیخواز و ژنانی ووریا زیاتر لە ڕابردوو بۆ ئازادی ژنان و ڕزگاریان لە ستەم و بێعداڵەتی و جیاوازی دانان تێ بکۆشن تا هەل و مەرج بۆ بەشداری زیاتری ژنان لە کار و باری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی زیاتر بێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن گەرم ترین پیرۆزبایی پێشکەش بە ژنانی ئێران و کوردستان دەکا و داوا لە تێکڕای ژنانی ستەم لێکراوی کوردستان دەکا، هەڵسووڕاوانەتر لە خەباتی پیرۆز و ڕەوای گەلی کورد لە بەرانبەر دەسەڵاتی ستەمگەری ئاخوندی تێ بکۆشن، هەروەها داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا بۆ ڕیشە کێش کردنی ستەم و بێعەداڵەتی و جیاوازی جنسی تێ بکۆشن.

گوومان نیە، ئازادی و دامەزراوی لە کوردستان، بە بەشداری تێکڕای چینەکان و بیرو بۆچوونەکان لە کۆمەڵگادا وەدی دێ. کەوایە با بە تێکڕا و پێکەوە بۆ کۆتایی هێنان بە سەرکوتی ژنان تێ بکۆشین و بە یەکگرتوویی و هاوکاری خەباتی حەقخوازانە لە دژی ئیستبدادی ئاخوندی کارامەتر و چێ تر هەنگاو هەڵگرین.

لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارە بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهان ژن.

کومیتەی ناوەندیی
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
٦ی مارسی ٢٠٠٩